

# ئەدەب فێڵێکی گەورەیە


ماریۆ بارگاس یوسا

و: شیرین .ک


**هاوڕێ ئازیزەکەم**

شێواز ئەگەر تاقە رەگەز نەبێت، ئەوا رەگەزێکی سەرەکییە لە فۆرمی رۆماندا. رۆمان لە وشە پێکهاتووە، ئەمەش مانای وایە ئەو رێگەیەی رۆماننووس وشەکانی زمانی پێ هەڵدەبژێرێ و گەڵاڵەی دەکات و رێکیان دەخات، دەبێتە فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوە بۆ ئەوەی چیرۆکەکانی هێزی قەناعەتپێکردنیان هەبێت یان نەیانبێت، بەڵام ناکرێ زمانی رۆمان جیابێت لەوەی رۆمانەکە دەیگێڕێتەوە، واتە لەو بابەتەی لە وشەدا بەرجەستە دەبێت، چونکە تاقە رێگە بۆ زانینی ئەوەی کە ئاخۆ رۆماننووس لە کاری گێڕانەوەکەیدا سەرکەوتوو بووە یان شکستی هێناوە، ئەوەیە بزانین کە ئاخۆ چیرۆکە بەخەیاڵکراوەکە توانیویتی بژی و لە داهێنەرەکەی و واقیعە راستەقینەکەی رزگاری بێت و خۆی بەسەر خوێنەردا بسەپێنێ، وەکو واقعێکی دەسەڵاتداری سەربەخۆ یان نا، ئەمەش مانای وایە نووسین کاریگەر یان ناکاریگەر دەبێ، خوڵقێنەر یان کوشندە دەبێت بەپێی ئەو شتەی کە دەیگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی باش لە ئەدگارەکانی شێواز تێبگەین، دەبێ بیرۆکەی راست و دروستی زمان وەلابنێین، هیچ گرنگ نییە شێواز درووست بێت یان نادرووست، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کاریگەر

بێت و بۆ ئەرکەکەی خۆی گونجاو بێت، ئەو درووستییە فوویەکی وەهمییە بۆ بەخشینی ژیان -راستی- بەو چیرۆکانەی دەیانگێڕێتەوە. نووسەرانێك هەن بە شێوازێکی زۆر راست و درووست نووسیویانە، لەڕووی ڕێزمان و ئەو شێوازەی لە سەردەمەکەیاندا باو بووە، وەکو سێرڤانتس و ستاندالّ و دیکنز و گارسیا مارکیز، نووسەرانێکی تریش هەن کە هیچیان لەوان کەمتر نییە کەچی ئەو دەستوورانەیان تێکشکاندووەو جۆرەها هەڵەی ڕێزمانییان کردووە، لەڕووی ئەکادیمییەوە شێوازەکەیان پڕێتی لە هەڵە، کەچی ئەمە ڕێی لێ نەگرتوون، کە ببنە رۆماننووسی چاك، بەڵکو زۆر چاکیش وەکو: بەلزاك، جۆیس، بیۆ باروخا، سیلین، کۆرتاسار، لیسا مالیما، ئەسۆرین، کە پەخشاننووسێکی ناوازەیە -بەلام رۆماننووسێکی وەڕزکەرە- لە کۆمەڵە دەقێکیدا کە لەبارەی (مەدرید)ەوە نووسیوێتی، دەڵێ: (ئەدیب پەخشان دەنووسێ، پەخشانێکی درووست، پەخشانێکی رەوان، ئەو پەخشانە کەڵکی نییە بێ داوودەرمانی رەشاقەت یان مەبەستێکی خۆش یان گاڵتەجاڕی یا سوککردن و پێڕابواردن) ئەمە تێبینییەکی وردە: دروستیی شێواز ناتوانێ پێشوەخت هیچ گریمانە بکات سەبارەت بەوەی کە ئەو چیرۆکە بەخەیاڵکراوە، مەبەستی پێکاوە یان بەهەڵەدا چووەو نەیپێکاوە.

کەواتە کاریگەریی نووسینی رۆمان پشت بە چی دەبەستێت؟ پشت بە دوو تایبەتمەندێتی دەبەستێت: پتەویی ناواخن و سرووشتەکەی، وەکو زەرورەتێکی پێویست. ئەو چیرۆکەی رۆمانێك دەیگێڕێتەوە لەوانەیە پتەو نەبێ، بەلام ئەو زمانەی پێی دەگێڕێتەوە دەبێ پتەو بێ، بۆ ئەوەی ئەو پتەو نەبوون و شاشێتییەی کە هەیەتی وەکو شتێکی رەسەن و پڕ لە ژیان دەرکەوێ، بۆ نموونە: مەنەلۆژەکەی مۆلی بلوم لە کۆتایی (ئۆلسیس)ی جۆیسدا، ئەو مەنەلۆژە لافاوێکی شڵەژاوە لە یادەوەری و هەست و تێرامان و وروژاندن، هێزە سیحرئامێزەکەی پشتی بەو پەخشانە بەستووە، کە بەڕواڵەت پچڕ پچڕو پەرتەوازەیە، لەژێر ئەو دەبەنگی و هەراوهۆریایەی دیوی دەرەوەیدا پارێزگاری لە یەکگرتوویی بونیادێکی سفت و پتەو دەکات، کە هەماهەنگە لەگەڵ نموونە یا سیستمی ڕێزمان و پرنسیپێکی رەسەندا کە بونیادی مەنەلۆژەکە قەت لێی لانادات، ئایا ئەوە وەسفێکی وردە بۆ هۆشێك لە حاڵەتی جوڵەدا بێت؟ نەخێر، ئەوە داهێنانێکی ئەدەبیی قەناعەتپێکەری بەدەسەلاتە، وەکو کۆپیکردنێکی پەرش و بڵاوی هۆش و گۆشی (مۆلی بلوم) دەردەکەوێ، بەلام لەڕاستیدا ئەوە جۆیسە ئەو شتە دادەهێنێ.

لە دوایین ساڵەکانیدا (خۆلیۆ کۆرتاسار) شانازیی بەوەوە دەکرد کە (جار لەدوای جار خراپتر دەنووسێ) مەبەستیشی لەوە بوو، بۆ ئەوەی لە چیرۆك و رۆمانەکانیدا گوزارشت لەوە بکات کە پەرۆشێتی، وا هەستدەکات ناچارە بەدوای شێوازی وادا بگەڕێ کە کەمتر ملکەچی فۆرمە یاساییەکان بێت و تەحەدای سرووشتی زمان بکات و هەوڵبدا ریتم و جۆرو گوزارەو لادانی وای بەسەردا بسەپێنێ تا ئەو پەخشانەی کە دەینووسێ بتوانێ بە ڕاسترین شێوەی گونجاو ئەو کەسێتی و رووداوانە پێشکەش بکات، کە دەیانخوڵقێنێ.

لەڕاستیدا کاتێ کۆرتاسار بەوجۆرە خراپە دەینووسی ئەوە باشترین شێوە بوو کە پێیدەنووسی. ئەو پەخشانەی دەینووسی روون و هەڵقووڵاو بوو، بەشێوەیەکی جوان لاسایی قسەی سەرزارەکیی دەکردەوە. گوزارە باوەکان و قسەی ناو خەڵکی لە دیالێکتە ئەرژەنتینییەکاندا بە ڕەوانی دەهێناو دەیوتنەوە، –دیارە کە بە فەرەنسیش دەینووسی هەمان شتی دەکرد– لەهەمانکاتدا گوزارەو وشەی زۆر جوانی دادەهێنا، کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لە ڕێڕەوی رستەکاندا و نەشیاو نەدەکەوتەوە، بەڵکو بەوجۆرە داوودەرمانانە جوانتری دەکرد، ئەوەی کە (ئاسۆرین) لە ڕۆماننووسی چاکی داوا دەکرد.

گریمانەی روودانی چیرۆکێك (واتا توانای قەناعەتپێکردنی) بەتەنیا پشتی بە پتەویی ئەو شێوازە نەبەستووە کە پێی دەگێڕدرێتەوە – چونکە تەکنیکی گێڕانەوە لەمە کەمتر نییە– بەڵام بەبێ ئەو پتەوییەی شێواز –گریمانەی روودانی رووداوەکە بوونی نامێنێت یان کورتدەبێتەوە بۆ نزمترین ئاست، دەشێ شێوازێکی درێژو بێت، بەڵام لەسایەی پتەویەکەیەوە دەتوانێ کاریگەر بێت، هەر بۆ نموونە ئەمە حاڵی کەسێکی وەکو (لویس فێردینان سیلین)ە–، نازانم ئاخۆ لە ڕستە کورت و پچڕپچڕەکانی جارِس دەبی؟ ئەو رستانەی بەدەست نیشانەی سەرسوڕمانەوە دەناڵێنن و پڕن لە قاووقیژو وڕێنە، من بۆ خۆم مێشکم تێکدەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بچووکترین گومانم نییە کەوا (گەشتێك بۆ کۆتاکانی شەو)، هەروەها ڕۆمانی (مەرگێك بەقیست)–هەرچەندە ئەمەیان کەمتر ئاشکرایە– دوو ڕۆمانن توانایەکی لەڕادەبەدەریان هەیە بۆ قەناعەتپێکردن، ئەو قێزەونی و ناشرینییەی بەسەرمانا دەیڕشێننەوە، وڕو کاسمان دەکات و هەموو ئەو توانا مۆڕاڵی و ئیستاتیکییەی هەمانەو لەکاتی بێداریماندا رێیان پێدەگرین، دەڕمێ..

لەگەڵ ئەلیخۆ کاربینتێریشدا هەمان شتم لێ روودەدا، کە بەدڵنیاییەوە یەکێکە لە گەورە ڕۆماننووسەکانی زمانی ئیسپانی، بەڵام ئەگەر سەیری نووسینەکانی بکەین لە دەرەوەی ئەوەی کە ڕۆمانن (دەزانم ناتوانین ئەم جیاکارییە بکەین، بەڵام من ئەمە دەکەم هەر بۆ ئەوەی ئەوە روونبکەمەوە کە دەمەوێ بیڵێم) کە ئەم جیاکارییەمان کرد یەکسەر دەبێ بە لایەنە دژەکە، واتە دەبێ بەو شێوازەی کە من حەزم لێی نییە، وشك، ئەکادیمی و زۆر لەخۆکردنێك، کە هەستێکی وام دەداتێ هەر هەنگاوێك کە ناوێتی دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد بووە لەناو قامووسەکانداو بەو شەیدایییە کۆنەی کە حەزی لە شێوازو پێکهاتە لەیادکراوەکانە، لەگەڵ دەرخستنی کارامەییەکی زیرەکانە، ئەوەی نووسەرە باروکییەکانی سەدەی حەڤدەی پێ دەهەژا. هەر ئەم پەخشانەی کە چیرۆکی (تی نۆیل و هنری کریستۆف)ی پێ دەنووسی لە ڕۆمانی (مەملەکەتی ئەم جیهانە)دا، کە کارێکی بێئەندازە جوانەو سێ جارم خوێندۆتەوە، دەبێتە پەخشانێك هێزی کارتێکردن و دستبەسەراگرتنێکی هەیە، کە کاریگەریی سڵکردنەوەو بێزهاتنەوەکەم بەتاڵدەکاتەوەو سەرسامم دەکات و وام لێدەکات ملبدەم و باوەڕ بە هەموو ئەوانە بکەم کە بۆم دەگێڕێتەوە. نازانم

چۆن ئەو شێوازەی کاربنتێر –کە بۆینباخی بەستووەو کراسی یاخە وەستاوی لەبەرکردووە– دەگاتە ئەو ئەنجامە سەرسوڕهێنەرە؟ دیارە ئازایەتییەکەی بۆ تۆکمەیی شێوازەکەی دەگەڕێتەوە، ئەو هەستەمان دەداتێ کە ئەوەی دەیکات پێویستە: ئەو قەناعەتپێکردنەی وا لە خوێنەرانی دەکات هەست بکەن کە ئەو چیرۆکە تەنیا بەو ڕێگەیەو بەو وشەو رستەو ریتمانە نەبێ ناگێڕدرێتەوە.

ئەگەر قسەکردن لەسەر تۆکمەیی شێواز کارێکی قورس نەبێت، ئەوا لەبەرامبەردا راڤەکردنی سرووشتی ئەو زەرورەتە پێویستەی کە دەبێ هەبێت بۆ ئەوەی زمانی رۆمان قەناعەتپێکەر بێت، قورسە، رەنگە باشترین رێگەش بۆ وەسفی ئەمە سوودوەرگرتن بێت لە دژەکەی، واتە ئەو شێوازەی شکست دێنێ کاتێك چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، خوێنەر بە هۆشێکی روونەوە دوور لە چیرۆکەکە دەمێنێتەوە، ئەمەش بەو واتایە دێ خوێنەر بەئاگایە لەوەی شتێك دەخوێنێتەوە پەیوەندیی بەوەوە نییەو نامۆیە پێی، لەگەڵ کاراکتەرەکانی چیرۆکەکەیدا ناژی و بەشداریی رووداوەکانی ناکات، ئەم شکستە لەوێوە بەدیاردەکەوێ کاتێ خوێنەر هەستدەکات کەلێنێك هەیە، کە رۆماننووس لەکاتی نووسینی رۆمانەکەیدا نەیتوانیوە پڕی بکاتەوە. کەلێنێك لەنێوان ئەوەی دەیگێڕێتەوەو ئەو وشانەی پێی دەگێڕێتەوە، ئەو جیابوونەوەیە یان ئەو دووفاقییەی نێوان زمانی چیرۆکەکەو خودی چیرۆکەکە توانای قەناعەتپێکردن ناهێڵێت، خوێنەر باوەڕ بەوە ناکات کە بۆی دەگێڕدرێتەوە، چونکە گێلێتیی ئەو شێوازەو نەگونجاندنی وا لە خوێنەر دەکات هەستبکات کە لەنێوان وشەکان و رووداوەکانی چیرۆکە بەخەیاڵکراوەکەدا درزێك هەیە، ناتوانرێ تێپەڕێنرێ –کەلێنێك هەموو ئەو فێڵ و دەسەڵات بەسەراگرتنەی کە چیرۆکە بەخەیاڵکراوەکەی لەسەر بنیاتنراوە لێوەی دەڕژێ، بەتەنیا چیرۆکە تۆکمەکان دەتوانن ئەو کەلێنە بسڕنەوەو وای لێبکەن کە نەبینراو بێت.

ئەو جۆرە شێوازانە بۆیە شکست دێنن چونکە هەست ناکەین زەروورو پێویستن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کاتێ ئەو چیرۆکانە دەخوێنینەوە تێبینیی ئەوە دەکەین کە باشتر وابوو (ئەمەش لە ئەدەبدا بەو مانایە دێ، چیرۆکەکە زیاتر قەناعەتپێکەر دەبوو) ئەگەر بە شێوازێکی تر، بە وشەگەلێکی تر بگێڕدرایەتەوە، لە چیرۆکەکانی بۆرخیسدا یان لە ڕۆمانەکانی فۆکنەرو چیرۆکەکانی ئیسحاق دینزیندا قەت هەست بەو جیاوازییە ناکەین لەنێوان ئەوەی دەگێڕدرێتەوەو ئەو وشانەی پێی دەگێڕدرێتەوە، چونکە شێوازی ئەو دانەرانە هەرچەندە زۆر لەیەکیش جیاوازن بەتەواوی قەناعەتمان پێدەکەن، لەبەر ئەوەی وشەکانیان، کاراکتەرو شتەکان هەموویان پێکەوە یەکەیەکن لێك ناترازێن. شتێك پێکدەهێنن ناتوانین تەسەوری ئەوە بکەین کە دەکرێ جیابکرێنەوەو لێك هەڵوەشێنرێن. پەنا دەبەمە بەر ئەم تێکەڵاوکردنە تەواوەتی و سفتەی نێوان (ناوەڕۆك)و (فۆرم) کاتێ باسی سرووشتی زەروورەتی پێویست دەکەم، ئەوەی هەموو نووسینێکی ئەفرێنەرانە خاوەنێتی.

ئەو سرووشتی زەروورەت–ە لە زمانی نووسەرە گەورەکاندا هەستپێدەکرێ، بەپێچەوانەشەوە پاشکۆ لاساییکەرەوەکانیان زمانێکی درۆزنەو بەزۆر دروستکراویان هەیە. بۆرخیس رەسەنترین نووسەری زمانی ئیسپانییە، رەنگە مەزنترین کەس بێ کە زمانی ئیسپانی لەسەدەی بیستدا بەرهەمی هێنابێت. لەبەر ئەوە کاریگەرییەکی بەربلاوی پیادەکردووە، کە ئەگەر رێم پێبدەی کاریگەرییەکی شوومانەیە. شێوازی بۆرخیس شتێك نییە نەناسرێتەوە، بەشێوەیەکی بێهاوتا تەوزیفکراوە، دەتوانێ زیندوێتی و راستگۆیی بدا بە جیهانی هزرو بیرو فزولەکانی زەین و ئەبستراکت و گشت سیستەمە فەلسەفییەکان و بەیاننامە لاهوتییەکان و ئەفسانەو هێما ئەدەبییەکان و وردبوونەوەی تیۆری و تێرامان و هەروەها مێژووی گەردوونی بە روانینێکی ئەدەبی–ی بالاوەو هەمووشیان پێکەوە کەرەستەی خاوی ئەفراندن و داهێنان پێکبهێنن.

شێوازی (بۆرخیس) یانە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دێتەوەو لەگەڵیاندا دەتوێتەوەو دەبێتە دارشتەیەك و لێك جیاناکرێنەوە، خوێنەر هەر لەگەڵ یەکەم رستەی چیرۆك و گەلێك لە وتارەکانیدا هەست بە ترپەی ئەو داهێنان و سەربەخۆییە دەکات کە لە چیرۆکە بەخەیاڵکراوە راستەقینەکاندا هەیەو هەستدەکات ئەو بابەتە بەم شێوازە نەبوایە نەدەگێردرایەوە، بەو زمانە زیرەکە گاڵتەئامێزەو بەو وردەکارییە ماتماتیکییە –کە یەك وشەی زیادو کەم نییە– بەو رێکپۆشییە خەمساردانەیەو بەو ئۆرستۆکراتییەتە، بەو شێوازەی بایەخ بە بیرو


بۆرخیس

مەعریفە دەدات زیاتر لە هەست و هەژاندن، گەمە بە زانیارییە زۆرو زەوەندەکەی دەکات. ئەو نمایشکردنی شانازییە دەکاتە تەکنیك، خۆی لە هەر زیادەرۆییەکی سۆزداری بەدووردەگرێ. خۆی لە جەستەو هەستێتی کەڕ دەکات (یان زۆر لەدوورەوە چاویان دەکات وەکو دوو دیاردەی نزم لە بوونی مرۆییدا) بەهۆی ئەو گاڵتەجارییە تیژەی ئەو سروە ساردە دەمرۆڤێنێ، کە ئاڵۆزیی ئاقڵێتی یان توناوتونی فیکری یان پێکهاتەو بونیادە باروکییەکان سووکەڵە دەکات، کە هەمیشە بابەتی چیرۆکەکانی پێکدەهێنن. رەنگ و رووی ئەو شێوازە لەپێش هەموو شتێکدا لەو وەسفانەدایە کە بە ئازایەتی و نامۆییان خوێنەر دەهەژێنێ (کەسی نەدی کاتێ لە شەوی کۆکراوەدا لەنگەری گرت) هەروەها لەو خوازراوە توندوتیژو چاوەڕواننەکراوەدایە کە جگە لەوەی گوزارشتکردنێکە لە بیرۆکەیەك یان دەرخستنی ئەدگارێکی جەستەیی یان دەروونی، کەسێتییەکە زۆرجار ئەو وەسف و خوازراوانەی بەسە بۆ ئەوەی کەشێکی بۆرخیسیانە بڕەخسێنێ.

کەواتــە شــێوازی بۆرخیــسیانە بــەهۆی سرووشــتە زەرووڕەکەیــەوە —کــەس نــاتوانێ نــەوەکو ئــەو بکــات و نەلاساییــشی بکاتــەوە—، کاتێکیش پاشکۆو لاساییکەرەوەکانی ڕێبازەکەی دەخوازن لە بەکارهێنانی سیفات و پەرۆشیی زیاد لە پێویست و گاڵتـەجاڕی و بێزهاتنـەوە، هـەموو ئـەوەی دەیکـەن هـیچ نییـە جگـە لـە جیڕەجـیڕو نەشـازێك، هـەروەکو باروکـەی قـژ وایـە ئـەوەی خـراپ دروسـتکراوە، کـە نـاتوانێ وەکـو قـژێکی ڕاســتەقینە دەرکــەوێ، بــەڵکو ســاختەییکەی دەرئەکـەوێ و ئـەو سـەرە دامـاوەی داپۆشـیوە دەبێتـە جێـی گاڵتـەپێکردن، جـا لەبـەر ئـەوەی خۆرخێ لویس بۆرخیس ئەفرێنەرێکی مەزنە، هیچ شـتێك لـەو (بۆرخیـسە بـچووکانە) وەڕسـکەرترو مایەی تـوڕەیی نـین، چونکە ئـەو (زەرووڕەت)ی نووسـینەیان تیانییـە کـاتێ لاسـایی دەکەنـەوە، ئەوەی ڕەسەن و ڕاستەقینەو جـوان و وروژێنـەر بێـت تیایانـدا دەیکەنــە کاریکـاتێرو ناشـرین و بێئەمــەك (مەســەلەی ئەمــەك و بێئەمــەکی لــە ئەدەبـدا مەسـەلەیەکی مـۆڕاڵی نییـە، بـەڵکو مەســەلەیەکی ئیــستاتیکییە) هــەمان شــت لــە نووسەرێکی گەورەی تری نێو زمانەکەمان (زمانی ئیــسپانی) ڕوودەدا، ئــەویش (گابرێــل گارســیا مارکیز)ە. شێوازەکەی بەپێچەوانەی بۆرخیسەوە خۆپارێز نییە، بـەڵکو بـەپیت و هـەڵقوڵیوە، هـیچ عەقڵانییــەتێکی فیکریــی تیانییــە، بــەڵکو لــە هەستدۆستی و شەهوانییەتەوە نزیکـە، هـەروەها لـە نەوەیـەکی کلاسـیکییە بـەهۆی ڕەوانبێـژی و جوانکارییەکەیەوە، بـەلام وشـکهەڵاتوو و وێڵکـراو نییە، ئەوەی زەمانـە تێـی پەڕانـدووە، بـەڵکو بـۆ گوزارەو پەندە میللییە باوەکان و زاراوەی نوێ و بیانیش ئاوەڵایە. مۆسیقایەکی بەلـەزەتی هەیـە، مەبەستەکەی ڕەوان و دوورە لە ئاڵۆزی و مەتەڵی فیکــری، گــەرمی و چــێژی مۆســیقای تــانوپۆی هەســت و جەســتە بــە ســانایی و خۆڕســکانە گوزارشــتی لێــدەکرێ و بەهــەمان سەربەســتیی فانتازیا تیایدا هەناسە دەدات، بێ کۆت و پێوەند دەگاتـە شـتێکی نائاسـایی. کـاتێ (سـەد سـاڵ تەنیایی) یان (خۆشەویستی لە زەمەنی کۆلێرادا) دەخوێنینــەوە، دڵنیاییــەك باڵمــان بەســەردا دەکێــشێ، کــە ئــەو چــیرۆکانە شــایانی بــاوەڕپێکردنن، دڵــڕفێنن، ئەگــەری ڕوودانیــان هەیە. کاتێ تەنیا بەو وشانەو بـەو شـێوازەو بـەو ڕیتمــە دەگێڕدرێنــەوە ئەگــەر لــەو وشــانە جیاکرێنەوە کە پێیـان گێڕدراونەتـەوە نـاتوانن وا سەرسامامان بکـەن، چونکە ئـەو چیرۆکانە، ئـەو وشانەن کە پێیان گێڕدراونەتەوە. لەڕاستیدا ئـەو وشانە ئەو چیرۆکانەن کە دەیانگێڕێتـەوە، لەبـەر ئەوە کاتێ نووسەرانی دی ئەو شێوازە دەخـوازن ئــەو ئەدەبــەی لــەو پرۆســەیەوە بەرهەمــدێ زرینگەیەکی خەڵەتێنەرو شکستخواردووی دەبێ و دەبێتە کاریکاتێرێکی ڕووت. لە زمـانی ئیـسپانیدا دوای (بۆرخیس) مـارکیز لـە هـەموو کـەس زیـاتر لاســایی دەکرێتــەوە، هەرچــەندە هەنــدێك لــە قوتابیانی سەرکەوتنیشیان بەدەستهێناوە، واتـە خوێنــەری زۆریــشیان پەیــداکردووە، بــەلام ئیشەکانیان و ئـەو نووسـەرە پاشـکۆیانە نـاتوانن ژیانی تایبەت بـە خۆیـان بـژین، یەکسەر مۆرکی پاشکۆیەتییە زۆر لەخۆکردووەکەی دەرئەکـەوێ. ئەدەب فێڵێکی گەورەیە، ئەدەبی مـەزن ئـەتوانێ ئەمە بشارێتەوە، بەلام ئـەدەبی خـراپ ئاشـکرای دەکات و ئابڕووی دەبات.

هەرچەندە من وایدەبینم هەموو ئەوەی کە لەبارەی شێوازەوە دەیزانم بۆم هێنایەتەوە، بەڵام لەبەر ئەو داواکارییەی لە نامەکەتدا پێت لەسەر داگرتووە، کە ئامۆژگاریی عەمەلیت بکەم، وا ئەم ئامۆژگارییەت دەکەم: لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ بەبێ ئەوەی خاوەنی شێوازێکی -تۆکمەی زەرووری- بێت ببێتە رۆماننووس، لەبەر ئەوەیش کە تۆ دەتەوێ ببیتە رۆماننووس، پێت دەڵێم بەدوای شێوازی خۆتدا بگەڕێ و بیدۆزەرەوە، زۆر زۆر بخوێنەرەوە، چونکە مەحاڵە ببی بە خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەندو لەبارو پاراو، بێ خوێندنەوەیەکی زۆری -ئەدەبی باش-. هەوڵبدە بەپێی توانا لاساییان نەکەیتەوە، هەرچەندە ئەمەش ئاسان نییە لاسایی شێوازی ئەو رۆماننووسانە نەکەیتەوە، کە رێزیان دەگری، ئەوانەی لێیانەوە فێری خۆشەویستیی ئەدەب بوویت. لە شێوازدا نەبێ، لە هەموو شتێکی تردا لاساییان بکەرەوە. لە خۆتەرخانکردن و خۆبەختکردنیاندا، لە کۆڵنەدان و سەرەڕۆییەکانیشیاندا، هەروەها باوەڕ بە قەناعەتەکانیشیان بهێنە ئەگەر هەستت کرد راستن، بەڵام خۆت لە کۆپیکردنی میکانیکیی وێنەو شێوازی نووسینیان بەدوور بگرە، چونکە ئەگەر نەتتوانی شێوازێکی تایبەت بە خۆت گەڵاڵە بکەی، ئەو شێوازەی لە هەموو شێوازێکی دی زیاتر گونجاوە بۆ گێڕانەوەی ئەوەی دەتەوێ بیگێڕیتەوە، ئەوا چیرۆکەکان ناتوانن بگەنە ئەوەی تێراو بن، بەو توانای قەناعەتپێکردنەی ژیانی بۆ دەرەخسێنێ.

گەڕان بەدوای شێوازی تایبەتداو دۆزینەوەی، مەسەلەیەکی گریمانەکراوە. رۆمانی یەکەم و


مارکیز

دووەمی فۆکنەر بخوێنەرەوە دەبینی لەنێوان رۆمانی یەکەم (مێشوولە)و رۆمانی دووەمدا، کە نیمچە باشە (چەند ئالایەك لە تەپوتۆزدا)، کە یەکەم گەلاڵەکردنی رۆمانی (ساتۆریس)ە. فۆکنەر ئەو نووسەرە باشوورییە شێوازی خۆی دەدۆزێتەوە، لەو زمانە موتەماهی و سەنگینەدا، کە ئایینی و ئەفسانەیی و داستانئامێز پێکەوە کۆدەکاتەوە، کە دەتوانێ نەوەکانی (یۆکنا باتافا) زیندووبکاتەوە، فلۆبێر-یش بەهەمان شێوە بەدوای شێوازی خۆیدا گەڕاوە لەنێوان یەکەم گەلاڵەکردنی رۆمانی (فریودانی قدیس ئەنتوان)و (مەدام بۆڤاری)دا شێوازی خۆی دۆزییەوە، کە یەکەمیان پەخشانێکی هەڵقوڵاوو شپرزەو رۆمانسی بوو، لە دووەمیشیاندا کە (مەدام بۆڤاری)یە، ئەو شێوازە بژەی هەڵپاچی، بێوچان ئەو هەڵقوڵانە زۆرو وروژێنەرەی رامکرد کە هەیبوو، لەپێناو گەیشتن بە (وەهمی واقیع)،

هەر بەڕاستیش پێیگەیشت، بەشێوەیەکی بێهاوتا پێیگەیشت، بەڵام دوای پێنج ساڵ لە کارێکی زۆرەملێی وادا کە لەسەروو توانای مرۆڤەوە بوو، واتە ئەو ماوەیەی یەکەم ڕۆمانە سەرکەوتووەکەی خایاندی، نازانم ئاخۆ دەزانی فلۆبێر لەبارەی شێوازەوە تیۆرێکی هەبوو: تیۆری (وشەی دەقاودەق) وشەی دەقاودەق ئەو –تاقانە–یەیە کە دەتوانێ ڕێك وەکو خۆی گوزارشت لە بیرۆکەیەك بکات. فلۆبێر چۆن دەیزانی کەوا ئەو وشەیەی دۆزیوەتەوە، کاتێ کە ئەیدۆزییەوە؟ هەستی بیستن ئەمەی پێدەوت: ئەو وشەیە دەقاودەق و ڕێکە کە لەسەر گوێ خۆشە، ئەو ڕێکخستنە توندوتۆڵەی نێوان فۆرم و ناوەڕۆك –نێوان وشەو بیرۆکە– بە هارمۆنیەتێکی مۆسیقی گوزارشتی لێدەکرد، لەبەر ئەوە فلۆبێر هەموو وشەیەکی دەخستە بەر تاقیکردنەوەیەکەوە، کە بە (la gueulade) ناوی نابوو، واتە (تاقیکردنەوەی هاوار یان دەنگی بەرز).

هەمووجار کە نووسینێکی دەنووسی دەچووە دەرەوەو بەدەنگی بەرز دەیخوێندەوە، بەڕێگایەکدا دەڕۆیشت، کە بە درەختی مۆرد ڕازابووەوە، ئەو ڕێگەیەی کە ماڵەکەیی لێبوو لە (کرواسێ)، کە پێی دەوترێ (ڕێگەی هاوار). لەوێدا ئەوەی دەینووسی بە بەرزترین دەنگ دەیخوێندەوە، لەو کاتەدا هەستی بیستن پێیدەوت کە ئاخوا ڕاستی کردووەو تەواوە یان دەبێ بەردەوام بێ لە گەڕان بەدوای وشەو ڕستەی تردا تا دەگاتە ئەو کامڵبوونە هونەرییەی هەوڵی بۆ دەدا بە پێداگرتنێکی کەللەڕەقانەوە، تا پێی دەگەیشت.

ئایا ئەو دێڕە شیعرەی (ڕۆبین داریۆ)ت لەبیرە (فۆرمێك کە شێوازەکەم نایدۆزێتەوە)؟ ئەم دێڕە شیعرە بۆ چەندین ساڵ سەرسامی کردم، ئاخۆ شێوازو فۆرم هەر یەك شت نین؟ چۆن دەتوانێ بۆ فۆرم بگەڕێ کە هەیەتی؟ ئێستا باشتر تێدەگەم، کە ئەوە دەکرێ، چونکە نووسین –وەکو لە نامەیەکی پێشوودا پێم وتی– بەتەنیا دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی فۆرمی ئەدەبی، بەڵام دەرکەوتەیەکی تر هەیە، کە لەو کەمتر نییە، ئەویش تەکنیکە. لەبەر ئەوەی بەتەنیا وشە بەس نییە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێکی باش، بەڵام ئەم نامەیەش زۆر درێژ بووەوە، وا باشترە ئەم مەسەلەیە دوابخەین بۆ دوایی.

سڵاوم

**سەرچاوە:**

رسائل الى روائي شاب

و. بۆ عەرەبی: صالح علماني